سودانی و ڕەشید جەخت لە گرنگیی هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی حکومەت دەکەنەوە



ئەمڕۆ یەکشەممە "محەمەد شیاع سودانی"سەرۆک وەزیران و "عەبدولەتیف جەمال ڕەشید"سەرۆکی کۆمار، جەختیان کردەوە لەسەر گرنگیی ئەنجامدانی شایستە دەستوورییەکان و هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی حکومەتێک کە توانای تەواوکردنی کاروانی گەشەپێدان و گەشەپێدانی ئابووری هەبێت.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەست ئاژانسی موتەبەع کۆتووە، تیایدا هاتووە : "محەمەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیران،پێشوازی لە "عەبدولەتیف جەمال ڕەشید" سەرۆکی کۆمار کرد.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە لە دیدارەکەدا باس لە دۆخی گشتی وڵات و پێشهاتەکانی ناوچەکە بە تایبەت ڕووداوەکانی سووریا کرا، و جەختکرایەوە لەسەر پێویستی پاراستنی یەکێیزی نیشتمانی و هەماهەنگی هێزەستەکان بە پاڵپشتیکردنی ئەکار و هەنگاوەکانی حکومەت بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکانی ئێستا، بە شێوەیەک کە بەرژەوەندییە باڵاکانی عێراق بپارێزێت.

بگرەی ڕاگەیەندراوەکە : لە دیدارەکەدا جەختکرایەوە لەسەر گرنگیی ئەنجامدانی شایستە دەستوورییەکان و هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی حکومەتێک کە بتوانێت کاروانی گەشەپێدان و بوژانەوەی ئابووری تەواو بکات و خواستەکانی خەڵکانی گەلی عێراق بدی بهێنێت.